بلینکن:بەردەوامین لە فشارەکان بۆ ڕێککەوتنێك بەمەبەستی ئازادکردنی بارمتەکان و ئاگربەستی شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماس لە غەززە

ئەنتۆنی بلینکن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ئەمڕۆ پێنجشەممە ڕایگەیاند، وڵاتەکەی بەردەوامە لە فشارەکانی بۆ ڕێککەوتنێك بەمەبەستی ئازادکردنی بارمتەکان و ئاگربەستی شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماس لە غەززە.

ئەنتۆنی بلینکن لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ هاوتا میسرییەکەی لە قاهیرە ئاماژەی بەوەشکرد، "هێشتا کارێکی قورس هەیە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن، بەڵام هێشتا باوەڕم وایە کە دەکرێت".

وتیشی، "ئیسرائیل هێشتا پێویستی بە کاری زیاتر هەیە بۆ ئەوەی ڕێگە بدات یارمەتییە مرۆییەکان بگاتە غەززە".

ئەم لێدوانەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دوای چەند کاتژمێرێك لە کۆبونەوەی وەزیرانی دەرەوەی میسر، سعودیە، ئوردن و قەتەر، وەزیری دەرەوەی ئیمارات بۆ هاوکاری نێودەوڵەتی

و سکرتێری دەستەی کارگێڕی ئەنکخراوی ئەزگاریخوازی فەڵەستین لە قاهیرە هات بۆ گفتوگۆکردن پێشهاتەکانی پرسی فەڵەستین و کاردانەوەی کارەساتبارەکانی شەڕی ئیسرائیل لەسەر کەرتی غەززە و ئەو هەوڵانەی کە دراون بۆ وەستاندنی جەنگەکە.

بەشداربوانی کۆبونەوەکە جەختیانکردەوە کە گەیشتن بە ئاگربەستێکی هەمەلایەنە و دەستبەجێ لە کەرتی غەززە لە پێشینەی کارەکانیانە، لەگەڵ زیادبونی دەستاگەیشتن بە یارمەتییە مرۆییەکان و کردنەوەی هەمو دەروازەکانی نێوان ئیسرائیل و کەرتی غەززە.